# عيشق

**کاوەی خەسرەو کاوانی**



وەرە با فێری عیشقت کەم

بەبارانی خۆشەویستی بتشۆمەوە

وەرببە بە پێکێکی ئەویندارى و

بۆجاويدان بوونت لە ناخ ,بتخۆمەوە ,

دەوەرەگەرمايى بدە

بەرۆژە ساردەکانی ژين ,

دەبا فەرهەنگێکی تازە

دروست کەين بۆعيشق و ئەوين ,

دەوەرە بۆم ببە بەئاو

لێوى تێنووەتى حەزەکانم بۆتەڕکە

وەرەببە بە هاوارێك

گوێچکەی هەموو بە کۆکانی

ئەم گەردوونە پێکرا کەڕکە,

وەرەشەوانی تاريکيم

بەتيشکی رووناکی عيشقت رابماڵە ,

وەرەشيرينی عيشقی خۆت

بەسەرڕۆحی من بەش بکەو

لای بدە ئەم خەمە تاڵە ,

بەعيشق فرچکم گرتووە

سيەکانيش هەناسەی عيشق دەگرنە خۆ,

من دەترسێم خۆشەويستی بمکوژێت و

پێش کۆتای, کۆتايم بێ و نەگەم بەتۆ.